Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.20714

# هەڵسەنگاندنی پەرتوکی جوگرافیای سروشتی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی لەڕووی زانستی و پەروەردەییەوە لەتێڕوانینی مامۆستایان و پسپۆڕانەوە

**نەبەرد جبار حسن ، کوردستان محمدئازاد**

بەشی جوگرافیا، کۆلێژی پەروەردە بنەڕەت، زانکۆی سلێماني

**پوختە**

ئامانجەکانی توێژینەوەکە هەڵسەنگاندنی پەرتوکی جوگرافیای سرووشتی لەڕووی زانستی و پەروەردەیی ناوەندی شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠)ە، هەروەها گۆڕاوەکانی (بروانامە، ساڵانی خزمەت) لەسەر تێڕوانینی مامۆستایان، دەرخستنی ئەو هەڵەو کەموکورتیانەی مامۆستایانی بابەتەکە ئاشکرایان کردوە و تێبینیان هەبوە لەسەری، نموونەی توێژینەوەکە پێکدێت لە (٨٨) مامۆستای وانەی جوگرافیا لە هەردوو ڕەگەزو بەشێوەیەکی هەڕەمەکی مەبەستدارهەڵبژێردران لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، توێژەران بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاریی پێویست، توێژینەوەکە پشت بەستووبووە بە فۆرمی ڕاپرسی و توێژینەوەکانی پێشوو کە (٢) بواری جیاواز لە خۆدەگرێت وەک بوارەکانی (زانستی و پەروەردەیی)، وە لە (٤١) بڕگە پێکهاتووە. توێژەران دوای ئامادەکردنی ئامرازەکە و دەرهێنانی ڕاستی و جێگیری بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی ئەلفا کرۆنباك (Cronbach's Alpha) بەڕێژەی(٠.٨٩)، هەستان بەجێبەجێکردنی بەسەر نمونەی توێژینەوەکە، پاش شیکردنەوەو بەتاڵکردنەوەی ڕاپرسەکە بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری وەك، ناوەندی شیاو، کێشی سەدی، (One Way Anova)، T-Test TwoSample Equql Variance ) (بەرنامەی (SPSS) لاوازی و بەهێزی پەرتوکەکە خرایە ڕوو لەلایەنی زانستی و پەروەردەییەوە. لەگرنگترینئەنجام (هەڵەی زانستی وزمانەوانی هەیە ، دوبارەبونەوەو کۆنی زانیارییەکان) هەیە .

***Article Info***

Received: January, 2020
Revised:February,2020
Accepted: March ,2020

***Keywords***

هەڵسەنگاندن، پەرتوکی خوێندنگە، جوگرافیای سروشتی.

***Corresponding Author***

nabard.hassan@univsul.edu.iq

## بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوە

### ١.١ گرفتی توێژینەوە

**لەسەردەمی ئەمڕۆدا و لەزۆرێک لەگۆمەڵگەکانی جیهاندا** پێشکەوتنێکی بەرچاو بەدیدەکرێت لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا، ئەم پێشکەوتنەش وەستاوە لەسەرئاستی ڕۆشنبیری تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەو هەوڵدانی زانستیان بۆ بەدیهێنانی خواست وئامانجەکانیان.لەزۆربەی وولاتانی جیهان و بەتایبەتیش هەرێمی کوردستانی بەخۆشحاڵیەوە هەنگاوی جدی نراوە بۆ پێشخستنی بواری پەروەردەو فێرکردن لەم ڕووەشەوە هەنگاوی باشی بڕیوە بۆئەوەی بتوانێت وەڵامی پێداویستی و داواکاریەکانی تاک و کۆمەڵ بداتەوە، هەربۆیە لەکۆنگرەی پەروەردەی ساڵی (٢٠٠٧) دا کۆمەڵێک گۆڕانکاری لەسیستەمی پەروەردەی کوردستاندا ئەنجامدراوە و لەکۆتای کۆنگرەکەشدا ئەوەخرایەڕوو بەشێوەیەکی گشتی کەموکوڕیان هەیە و پێویستە کاربکرێت بۆچاوخشاندنەوە بەپرۆگرامەکانی خوێندندا (ڕاپۆرتی کۆنگرەی پەروەردەی ٢٠٠٧ز، ٤٦٤).

بێگومان هەرخوێندنگە و دامەزارەوەیەکی فێرکاری بەدەرنین لەبوونی گرفتی جۆراوجۆر، پرۆسەی هەڵسەنگاندنیش پرۆسەیەکی سەرتاسەری و گشتگیرە بۆگشت بورەکانی ژیان، لەڕوی پەروەردەیەوە خۆی دەبینێتەوە لەچۆنیەتی هەلسەنگاندنی ئەو بوارانەی کەپەیوەندیدارن بەپرۆسەی

فێربوون و فێرکردن. هەڵسەنگاندن بەپێی مێژووی مرۆڤایەتی هاوکار بوە لە هەموو ئیش و کارەکاندا و کرداری هەڵسەنگاندن گرنگیەکەی لەوەوە دێت ڕۆڵی ئاراستەکردن دەبینێت لەپرۆسەی پەروەردەدا و گشتگیرە لەهەموو ڕووەکانی گەشەکردنەوە، لەڕوی بەهێزی ولاوازیەوە کاردەکات لەبەدیهێنانی ئامانجەزانستییەکان(عودە:٢٠٠٢، ل٥-٦).

ئەم پرۆسەیەش پێویستە سەرجەم بوارەکانی فێربون بگرێتەوە، پەرتوکیش یەکێکە لە ئامرازەکانی وەرگرتنی زانیاری خوێندکار و مامۆستا وخوێندکاریش ناتوانن لێی لابدەن، بۆیە ئەگەر زانیارییەکانی نێو پەرتوکەکان کەموکوڕی تێدابێت لەڕووی پەروەردەی و زانستیەوە ئەوە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر دابەزینی دەستکەوتی خوێندکار، کەواتە لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت هەتاوەکو پەرتوکی خوێندنگا بەدەربێت لە کەموکورتی و لاوازی ئەوەندە لایەنە زانستی و پەروەردەییەکانی پەرتوکەکە بەهێزتر دەردەکەون و یارمەتیدەرتر دەبن بۆ خوێندکارو مامۆستا لەگەیشتن بەئامانجە ویستراوەکان. لەم تێڕوانینەوە لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە پەرتوك و هەڵسەنگاندنیان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕن لە دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێزو لاوازەکانی ناو پەرتوک وبەهێزتر کردنی لایەنە باشەکان و چارەسەرکردنی کەموکورتیەکانی ناوی. توێژەران لەم ڕوانگەیەوە و هەروەها لەڕوانگەی ئەوەی لەهەندێك لە توێژینەوەکانی دیکەی تایبەت بەهەڵسەنگاندنی پەرتوکی خوێندنگادا (نم/ ئازاد و عارف، ٢٠١٨؛ مامڵێسی، ٢٠٠٩) دا دەردەکەوێت گرفت هەیە لەپرۆگرامەکانی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، لەم ڕووەوە گریمانەی ئەوە دەکرێت ڕەنگە گرفت هەبێت لە پرۆگرامەکانی تری قۆناغەکانی خوێندن لە خوێندنگە بنەڕەتی و ئامادەییەکان. لەم ڕوانگەیەشەوە توێژەران بەوردی دەگەڕێن بەدوای وەڵامی زانستی بۆ هەڵسەنگاندنی پەرتوکی جوگرافیای سروشتی پۆلی یازدەی ئامادەی لەڕووی زانستی و پەروەردەییەوە لەتێڕوانینی مامۆستایان و پسپۆڕانەوە.

**1-2: گرنگی توێژینەوە**

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە سەرنج دەخاتە سەر هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکانی خوێندن، کەیەکێکە لەو بابەتانەی گرنگیەکی زۆری پێدەدرێت لەئاستی دامەزراوە باڵاکانی وولات و کۆنگرە پەروەردەییەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەك لەزۆربەی کۆنفرانس و کۆڕبەندە زانستی و پەروەدەییەکاندا جەخت لەسەر ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی دەکەنەوە لەسەر هەڵسەنگاندنی پەرتوک و پرۆگرامەکانی خوێندن و پەروەردەدا بۆئەوەی لەلایەك کەموکوڕی و لایەنە لاوازەکان و بەهێزەکانیان دەستنیشان بکرێت لەڕووی زانستی و پەروەردەییە،لەلایەکی دیکەوە دەستکەوتە پەروەردەییەکان زیاتر بکرێت، بەپشت بەستن بە (ڕاپۆرتی کۆنگرەی پەروەردەیی، ٢٠٠٧: ٤٦٤؛ کۆنگرەی پەروەردەیی،١٩٩٢، ٢٠١٤) کەتیایاندا هاتوە کە گرفت هەیە و پێویستە گرنگی زیاتر بەپرۆسەی فێربوون و فێرکردن بدرێت، لەبەرئەوە توێژەران لەژێر هەمان گرنگی پێداندا سەرنجیان خستوەتە سەر هەڵسەنگاندنی هەردوو لایەنە زانستی و پەروەردەییەکان (وەك زانینی لایەنە بەهێز و لاوازەکانی بابەتی جوگرافیای سروشتی قۆناغی یازدەهەمی ئامادەیە.

**١-٣: ئامانجی توێژینەوەکە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتی یە لەهەڵسەنگاندنی پەرتوکی جوگرافیای سروشتی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی لەڕووی زانستی و پەروەردەییەوە لەتێڕوانینی مامۆستایان و پسپۆڕانەوە.

**١-٤: سنوری توێژینەوە**

١. سنوری بابەتی: پێکدێت لەهەڵسەنگاندنی پەرتوکی جوگرافیای سروشتی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی لەڕووی زانستی و پەروەردەییەوە لەتێڕوانینی مامۆستایان و پسپۆڕانەوە.

٢. سنوری مرۆی: سەرجەم مامۆستایانی وانەکەو پسپۆڕانی جوگرفیا دەگرێتەوە لەخوێندنگە ئامادەیی ودواناوەندیەکانی ناوشاری سلێمانی.

٣. سنوری شوێنی: لێکۆڵینەوەکە ناوەندی شاری سلێمانی هەردوو پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە.

٤. سنوری کات: لەساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠)یە.

### ١ -٥: پێناسەی زاراوەکان

#### ١ -٥ -١ : هەڵسەنگاندن

ئەلزغلول (٢٠١٥: ٣٧٥)بەوە پێناسەی دەکات بریتییە بڕیاردان لەسەر ئەو شتانەی دەمـانەوێت بریاری گونجاویان لەبارەوە بدەین. وە پرۆسەی هەهەڵسەنگاندنیش پشت بە پرۆسەی پێوانەکردن دەبەستێت.

سیوەیلی (٢٠١٧: ١٧٢) پێی وایە پرۆسەیەکی سەرەکیە لەپەروەردە و فێرکردندا و بەیەکێك لەپایەکانی پرۆگرام دیاری دەکات هەر لە سەرەتای دەستپێکی پرۆسەی پەروەردەوە تاگەیشتن بەئامانجەکان، بەردەوام دەبێت و بەژداریەکی کارا دەکات لەکۆی گشتی پرۆسەی پەروەردە هەربۆیە پەروەردەکاران بەگرنگیەوەباسی لێوەدەکەن.

پێناسەی ڕێکاری توێژەران بۆ هەڵسەنگاندن (بریتییە لەڕێکارییەک کەلەپرۆسەی فێربوون و فێرکردندا جێبەجێدەکریت کەتیایدا بڕیار دەدەرێت بەسەر ئەو شتانەی کەدەمانەوێت هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین و خاڵی لاواز و بەهێزی دیاری دەکەین).

#### ١ -٥ -٢پەرتوکی خوێندنگە

پەرتووك ئەو ئامرازو نوسراوە باوەڕپێکراو و سەرەکیەیە کەلەبەر دەستی خوێندکار بەشێوەیەك لایەنەکانی پەروەردەو فێرکردنی تێدا جێکراوەتەوە لەوانەناوەڕۆك و ئامانج و هەڵەسنگاندن بەجۆرێك وابەستە دەکرێت بەقۆناغ و بابەت و وانەو ماوەیەکی دیاریکراو (ئێرتوغرۆڵ ، ٢٠١٧: ٥٣).

پێناسەی عیسی (١٩٩٨) بۆ پەرتوکی خوێندنگە:ئەو کۆمەڵە پرۆگرامەیە کە و پۆلێنکراو ئاسانکراوە کە قابیلی فیێربوونە ، دەردەکەوێ کە ثەرتووکی خوێندنگا ئەو دەفرەیە کە سەرجەم ئەو زانیاریە هەلێبذیێراوانەیە ڕێکخستنی مەعریفی تیێدایە کە بەکاردیێت لە لایەن فیێرخوازانەوە.

پێناسەی ڕێکاری توێژەران بۆ پەرتووکی خوێندنگە (بریتییە لەئامرازێکی سەرەکی بۆ خوێندن و پرۆگرامێکی بڕیارلێدراو و باوەڕپێکراوە کەلەچوارچێوەیەکی فەرمیدا ناسێنراوە لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و دەزگا پەروەردەییەکانی هەرولاتێک)

#### ١ -٥ -٣: جوگرافیای سروشتی:

بەگوێرەی پێناسەکانی مارش و کەوف مان (Marsh and Kaufman, 2013)، جوگرافیای سروشتی بریتیە لەلقێك لە جوگرافیای گشتی کە مامەڵە دەکات لەگەڵ توێژینەوە و پرۆسەکان وشێوازەکان لە ژینگەی سروشتیدا وەکو بەرگە هەوا، زەوی ناسی، زیندەوەر ناسی، خاک.

هەروەها مەیهیو (Mayhew, 2015) دەڵێ ئەو زانستەیە سەرنج دەخاتە سەر تایبەتمەندی و پرۆسەکانی سەر ڕووی زەوی و دیاردە ئاسمانیەکان کەلەماوەی کورت و درێژدا ڕوو دەدەن، سەرەڕای ئەوەش لەپەیوەندی نێوان چالاکیە مرۆییەکان و دیاردە سروشتیەکان دەکۆڵێتەوە.

لەهەندێ سەرچاوەی دیکەدا وەك هۆڵدن (Holden, 2011) بەزانستی کارلێك ناسێنراوە لەنێوان سیستەمی کەشوهەوای زەوی، ئۆقیانوسەکان، دارودرەخت، ئاژەڵ و مرۆڤدا و بەو پێیەش بەزانستی پرۆسەکانی کاریگەر لەسەر چالاکیە ڕۆژانەکانی مرۆڤ ناسراوە.

پێناسەی ڕێکاری توێژەران بۆ جوگرافیای سروشتی: (لقێکی سەرەکیە لە جوگرافیای گشتی ودەکۆڵێتەوە لەسەرجەم دیاردە سروشتیەکانی سەر ڕووی زەمین و دەرەوەی هەسارەی زەمین (وەك گەردوون، کۆمەڵەی خۆر، دەریاو زەریاکان، خاك، بەرزونزمی، ژینگەی سروشتی، کەشو ئاووهەوا، ڕوداوە سروشتی یەکان، ڕووپۆشی ڕووەکی، گیانلەبەران) بەجۆرێك کە کارلێکێکی بەردەوام و بەهێزیان هەیە لەگەڵ بابەتەکانی لقی جوگرافیای مرۆیی.)

بەشی دووەم: باگراوەندی تێوری توێژینەوە

### ٢ -١ پرۆسەی هەڵسەنگاندن

گومانی تێدا نیە پرۆسەی هەڵسەنگاندن مێژوویەکی دورودرێژی هەیە، پێش هەزاران ساڵ مرۆڤی سەردەمەکۆنەکان لەکۆمەڵگەکانیاندا هەڵسەنگاندنیان بۆ توانای تاکەکانیان و هەڵبژاردنیان بۆمرۆڤە سەرکردە و بەتواناکان و بەڕێوەبەر و فەرمانبەرەکانیان کردوە، چەمکی هەڵسەنگاندن چەمکێکی بەرفراوانە وهەردوو چەمکی پێوانەکردن و پێوانەکار لەخۆدەگرێت، واتە یەکەم جار دەبێت تاقیکردنەوە و پێوانەکار ئامادەبکرێت دوای کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکانیش بڕیار لەسەر ئەو زانیاریانە دەدرێت و لەبەر ڕۆشنای پێوەرو معیاری تایبەتی هەڵدەسەنگێنرێن (قەرەچەتانی: ٢٠١٣،ل٢٢٥،٢٢١).

هەڵسەنگاندن لە جەوهەریدا بڕیارلەسەر ئاستی بەجێگەیاندنێک دەبێت بەشێوەیەك ئاستەکانی دیاری

دەكرێت بەپێی پێوەرگەلێكی دیاریكراو یان بەسەر تاكەكاندا بۆ ئەوەی بزانیت ئاستی كامیان لەوی تریان باشترە لەرووی پسپۆڕیان ، یان سیفەتەكانیان، تواناكانیان... هتد یان بەسەر شتەكاندا لەرووی شیاوێتیان یان گونجاوییان یان دروستیان، یان بەسەر بابەتەكاندا لەرووی بیرۆكەكان، دەسكەوتەكانی چارەسەرەكان. (المحاسنە ومهیدات، ٢٠٠٨: ٢٢-٢٣)

هەروەها ساكور (Thakur, 2014) هەڵسەنگاندن بریتییە لە كۆكردنەوەی سیمبولەكان وكردنی بە دیاردەكان بۆئەوەی نرخێك ببەخشێت بە تایبەتمەندی دیاردەكان لەگەڵ هاوپێچكردن و پێكەوەبەستنی هەندێك ستانداردی كەلتوری و زانستی.

جەهانیانیش (Jahanian, 2012) پێی وایە كە هەڵسەنگاندن پرۆسەیەكە تیادا بەرنامە و پرۆگرامی پەروەردەی و ڕاهێنان بەراورد دەكرێت لەگەڵ یەكتر و ئامانجە سەرەكییەكان بۆمەبەستی دۆزینەوەی ئاستی جێبەجێبونیان. یان بڕیاردانە لەسەر بەهای بابەتێك یان شتێك یان هەڵوێستێك یان لایەن و بوارێك بەراورد بە پێوەرێك یان تەرازویەك یان سەنگێكی دیاریكراو.

هەڵسەنگاندن لەپێناو پێشخستن و حوكمدان لەسەر ئاستی كارایی پرۆسەی فێربوون و پیادەكردنی پرۆگرامەكان بەكار دێت لەڕێگەی دەرخستنی ئەنجامەكان بەژمارە لەڕێگەی دانانی پلان بۆ كۆكردنەوەی زانیارییەكان و شیكردنەوەی زانیارییەكان چونكە لەڕێگەی ئەم ژمارانەوە بڕیار لەسەر باش و خراپی ئەو ئەنجامە دەدرێت(سعدی،٢٠١٣:لا٤٠٠)

هەربۆیە هەڵسەنگاندن لەبواری پرۆسەی فێربون و فێركردندا بەشێكی سەرەكیە،هاوكات دادەنرێت بەیەكێك لەپایەكانی پرۆگرام، هەر لە سەرەتای دەستپێكی پرۆسەی پەروەردەوە تاگەیشتنە هەنگاوی بەدیهێنانی ئامانجەكان، بەردەوام دەبێت و بەڕێژەیەكی كارا دەكات لەكۆی گشتی پرۆسەی پەروەردە، لەبەر ئەمەشە كەپەروەردكاران بەگرنگیەوە باسی دەكەن(سیوەیلی، ٢٠١٧).

لەم ڕووەشەوە دەردەكەوێت لەگەڵ بەرەو پێشچوونی پرۆسەی فێركردن و فێربوون بەگشتی پەیوەندی بە ڕەگەزەسەرەكییەكانی پرۆسەكەوەهەیە.گرفت لەهەریەكێكیانداهەبێت كاریگەری ڕاستەوخۆی بۆسەر دەسكەوتەكانی فێرخوازان دەبێت.بۆ نموونە ئەوگۆڕانكاریانەی كەلەهەرێمی كوردستان بەسەر پرۆگرامەكانی خوێندندا هاتوون پێویستە هەڵسەنگاندنی بەردەوام بۆ دەرئەنجامەكانی بكرێت (سعدی،٢٠١٣).

لەبەر ئەوەی پرۆگرام كۆمەڵە شارەزاییەكی جۆراوجۆر و ڕێكخراوە كە ئامادە دەكریت بۆ خوێندكار لەڕێگەی كرداری فێركردنەوە پەخش دەكرێت وە دەرئەنجامەكەی لەلای فێرخواز دەردەكەوێت، بەسەرپەرشتی سیستەمی پەروەردە(سعدی،٢٠١٣).

## ٢-٢ چەمكی پەرتووك وهەڵسەنگاندنی

پەرتوك بەگوێرەی فەرهەنگی كامبریج (Cambridge-Dictionary, 2008) بریتیە لەتێكستێكی نوسراو كە دەتوانرێت بڵاوبكرێتەوە بەشێوەی چاپكراو یان لەشێوەی ئەلیكترۆنیدا، هەروەها بەجۆرێكی تریش ناسێنراوە كە بریتییە لە دەستەیەك تیانوس (پەڕە) كەپێكەوە بەستراونەتەوە لەناو دوو بەرگدا بۆ ئەوەی بخوێنرێتەوە. هەروها لەفەرهەنگی مەریەم وێبستەر چەمكی پەرتوك بەوە ناسێنراوە كە دەستەیەك لە پەڕەی نوسراو، چاپكراو، یان بەتاڵە (نەنوسراوە) نەیەكەوە لكێنراون و خراونەتە نێوانی دوو بەرگی سەرەتا و كۆتای (Hapa, 2013).

كتێبی خوێندنگەش سیستەمێكی گشتگیرە پێكدێت لە ناوەڕۆكی پرۆگرامێك كەپێكدێت لە ئامانج، ناوەڕۆك، چالاكی، هەڵسەنگاندن، ئامانجی یارمەتیدانی مامۆستایان بۆ فێربوونی بابەتێكی خوێندن لە پۆلێكدا، بەمەبەستی جێبەجێكردنی ئامانجەكان لەچوارچێوەی سنوری پرۆگرامێكدا.بەم جۆرەش كتێبی خوێندنگە سەرچاوەیەكی فێربوونی فێرخوازانە و بڕیارلێدراوە، كەپێویستە بەشێوەیەك زانیارییەكانی ڕێكخرابن هاوكاربن بۆ فێربوون، وەك دەزانرێت كە هەڵسەنگاندن بەشێكی گرنگیی پرۆگرامە و بەكار دەهێنرێت لە ڕێكخستن و چاكسازیكردن و گەشەپیدانی پرۆگرامدا كردارێكە بەمەبەستی دیاریكردنی خاڵە بەهێز و لاوازەكانی پرۆگرامە و دەتوانرێت لەڕێگەی هەڵسەنگاندنەوە بڕیار لەسەر باشی و خراپی پەرتوكی خوێندن بدرێت (مرعی و الحیلە:٢٠٠٤، ٢٥١) ، بەگشتی دەتوانرێت هەڵسەنگاندنی كتێب وەك لەوەی لەسەرچاوەكاندا هاتوە (نم/ عاشور،

٢٠٠٤؛ حسین، ٢٠٠٧) لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ڕونبکرێتەوە:

- ✓ ڕونکردنەوەی ئامانجەکانی و پەیوەستبونیان بە ئامانجە گشتیە پەروەردەییەکانەوە.
- ✓ پێویستە ئامانجەکان گشتگیر و هەمەلایەن بن،و بواری زانیاری و هەڵچونی و مەهاری تێدابێت.
- ✓ پێویستە ناوەڕۆکی کتێبەکە پەیوەستبێت بەئامانجەکانەوە.
- ✓ زانیارییەکانی ناو کتێبەکە نوێگەریان تێدابێت و پەیوەستبن بە بابەتەکەوە و بگونجێت لەگەڵ ڕێگاکانی وانەوتنەوە.
- ✓ پێویستە پرسیار و ڕاهێنانەکانی گونجاوبێت لەگەڵ ناوەڕۆکی پەرتوکەکە.
- ✓ پێویستە پەرتوکی خوێندنگە ڕەچاوی لایەنی دەرونی خوێندکار بکات و بگونجێت لەگەڵ تایبەتمەندی وئارەزو تواناکانی خوێندکار.
- ✓ پێویستە گرنگی بدرێت بەلایەنی زانستی پەرتوکەکە لەڕووی ڕاستی و یاساو ڕونیەوە کەدانەرانی پرۆگرام ڕێکیان دەخات تاکو فێرخوازان بگەن بەبنچینەیەکی زانیاری.
- ✓ پەیوەندی هەبێت بە چەمکە باوەکانی کۆمەڵگە وەک زمان و ئاین و بەهاکانی وەک نیشتمان و ئازادی و دیموکراسی.
- ✓ پەرتوکی خوێندنگە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی زانیارییەکانە و ئامرازێکە بۆ گەیاندنی زانیاری زانستی و وێژەی بۆیە دەبێت وردی ناوەڕۆک و زانیارییەکان و دروستی سەرچاوەکان ڕەچاوبکرێت.
- ✓ دەبێت بڕیاردراوی خوێندن شانبەشانی کۆتا گۆڕانکاری و تازەگەرییە پێویستەکان بێت.
- ✓ گەشە بەخواستی فێرخواز بکات لەفێربوونو شارەزای و وروژاندنی بیرکردنەوەکانیان لەڕێگای بەکارهێنانی شێوازی تازە وەک خستنەڕوی کێشەو چالاکیەکان.

## ٢-٣ چەمکی جوگرافیا

جوگرافیا بریتیە لە لێکۆڵینەوەی رووی زەوی بەوپێیەی شوێنی نیشتەجێ بوونی مرۆڤە و لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی کاریگەری نێوان زەوی و نیشتەجێیەکانی سەری دەکات، کارلێکی مرۆڤیش لەگەڵ ژینگەکەیدا جەوهەری لێکۆڵینەوەی جوگرافیە کە ئامانج لێی تێگەیشتنی سروشتی پەیوەندیەکانە لەنێوان ئەم مرۆڤەو ژینگەکەیدا. جوگرافیا بایەخ دەدات بەشرۆڤەکردنێکی وردو ڕێکخراو و مەعقول بۆ گۆڕانەکان لەرووی زەویدا. گرنگترین سیفەتەکانیش کە لە زانیاریە جوگرافیەکاندا هەن بریتیە لە گۆڕان لە کات و شوێندا. ئەم گۆڕانەش وەك پێویست دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری هۆکارە سروشتی و مرۆییەکان و بۆ پەرەسەندنی رەوشە ئابوری و کۆمەلایەتیەکان و، ئەوەی کە ئەمە دەیهێنێتە ئاراوە لە گۆڕان و پەرەسەندن لە دیاردەکان و شێوەکانی و کاریگەرییە هاوبەرامبەرەکانی (خضر، ٢٠٠٦: ٤١).

چەمکی جوگرافیا بریتی یە لەچەمکێکی ئاڵۆزی هەمیشە گۆڕاو زیاتر لەوەی ببەسترێتەوە بەچەمکێکی کورتکراوەی جێگیر، ئەم چەمکە بەدرێژای سەردەمە جیۆلۆجیەکانی تەمەنی زەوی و گۆڕانکاریە کەونیەکان و بەرزبونەوە و گەشەکردنی ئەزمون و شارەزاییەکانی مرۆڤ گۆڕانکاری زۆری بەخۆیەوە بینیوە بەشێوەیەك لەکۆنەوە هەتا ئەمرۆ چەمکەکە زیاتر بەربڵاوترو بوە لەڕووی ماناو ئەو بوارانەی دەیگرێتەخۆی) ئیراتۆثینی ((Eratosthnes, 2010). بەگوێرەی توێژەرانی جوگرافیا وەك توسی .(Tucci, 2017) ئەم چەمکەلە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆدوو ووشەی یۆنانیە کۆنەکان کە ووشەی (geo) بۆمانای ''زەوی'' و هەروەها ووشەی (graph) بۆمانای ''وەسف'' بەکار دەهێنا. ئەو تێڕوانینە بەرتەسکە بۆ چەمکی جوگرافیا لەسەردەمەدا دەگەڕایەوە بۆئەوەی خەڵکی ئەو سەردەمە شارەزاییەکی کەمیان لەسەر دیاردەو بابەتە جوگرافیەکان هەبوو، وە ئەوا لەچوارچێوەیەکی بەرتەسکدا تەنها مەبەستیان بوە ڕونکردنەوەو شیکاری بکەن بۆ زەویی و ووشکانی جیاجیاکانی ئەو سەردەمەی دەوروبەریان لە جیهانی زانراودا، بەڵام لەرۆژگاری ئەمرۆدا ئەم چەمکە بەکاردەهێنرێت بۆ زۆرێك لەلایەنەکانی ژینگە و ژیانی مرۆڤ بۆنمونە وەك ژینگە و زەوی (جوگرافیای سروشتی)، چالاکیە مرۆییەکان (جوگرافیای مرۆیی) بەشێوەیەك هەریەکە لەم لقانەش چەندان بواری جۆراو جۆر لەخۆدەگرێت.

## ٢-٤ تایبەتمەندیەکانی زانستی جوگرافیا

-زانستێکی شیکاریە لەسەر وەسفکردن و شیکارکردن و شرۆڤەکردن هۆکاری دەوەستێت.

-زانستێکە لەسەر پەیوەندیە شوێنیەکان دەوەستێت کە مرۆڤ و ژینگەپێکەوە دەبەستێتەوە هەروەها کاریگەری هاوبەرامبەر لەنێوانیاندا.

-زانستێکی تەواوکاریە لەنێوان زانستە جیاوازەکاندا سروشتی و مرۆڤایەتیەکان و پراکتیزەییەکان.

-زانستێکی گشتگیری تەواو و زنجیرەیە خەسڵەتەکانی گۆڕان و پەرەسەندنی تێدایە (ال عمر،٢٠٠٤: ٨١).

جوگرافیای سروشتیش لێکۆڵینەوەیە لەجوگرافیای ژینگەی مرۆڤ و پێکدێت لەسیستەمی سروشتی زەوی (بەرگی بەردین –بەرگە هەوا - بەرگی ئاوی- بەرگی زیندەگی) و پێشبینیە ئاوهەواییەکان و زیندەوەرزانی و ئاو خاک جیۆلۆجی، وەجوگرافیای سروشتی کەمتەرخەم نەبوە لەباسکردنی دیاردە سروشتییەکانی سەرروی زەوی، ئامانجی جوگرافیای سروشتی رونکردنەوەی هەردوو چەمکی چۆن و بۆچی دیاردە سروشتییەکان روو دەدەن، وەچۆن بونەتە پێداویستی ژیان لەسەر زەوی (سمور و غانم: ٢٠١٢، ل٩). جوگرافیای سروشتی پۆلی یازدەی ئامادەیش وەک یەکێک لە پرۆگرامە بڕیار لێدراوەکانی وەزارەتی پەروەردە کە لە قۆناغی ئامدەیدا وەک وانەیەکی سەرەکی پێویستە بخوێنریت پێکدێت لەچەند بەشێکی زانستی کە دابەش بوون بەسەر چەند بەندیکدا کەلەوبەندانەدا باسی ئەمانەی کردوە( کۆمەڵەی خۆر، بەرگە گاز، ئاوهەوا، خۆڵبارین، بەرگی ئاوی، توێکڵی زەوی، خاک).(جوگرافیای سروشتی پۆلی یازدەی ئامادی).

## بەشی سێیەم (ڕێکارەکانی توێژینەوە)

### ٣-١ میتۆدی توێژینەوە

یەکێك لە پێداویستیە بنچینەییەکان بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە ئەوەیە میتۆد و میتۆدۆلۆجیەکی گونجاوی هەبێت، لەبەرئەوەی لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی چەندێتی بەکارهاتوە کە بەکاردێت لەو لێکۆڵینەوانەی پەیوەندیدارن بە کێشە و هەڵسەنگاندنە مرۆیی و کۆمەلایەتیەکانەوە بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیدارن بەهەبونی گۆڕاو و پێوەرە ژمارەییەکان و زانیاریە ئامارییە شیکراوەکانەوە کە تیایدا پشت دەبەستێ بە وەرگرتنی نمونە و گشتاندنی بەسەر کۆمەڵگادا سۆجونرۆ (Sogunro, 2002).

ئەم بەشە پێکدێت لە پرۆگرامو کۆمەڵگا و نمونەی توێژینەوەکە، لەگەڵ دروستکردنی ئامراز و چۆنیەتی ئامادەکردنی فۆرمی ڕاپرسی و دەرهێنانی ڕاستی و جێگیری فۆرمی ڕاپرسیەکە، ئەمەوە جگە لەئاماژەکردن بەو کەرەستە ئامارییانەی لەدەرهێنان و شیکردنەوەی ئەنجامەکاندا بەکارهاتوە و سودی لێوەر گیراوە.

بۆئەم توێژینەوەیە، توێژەران بەباشیان زانی ڕێبازی پەسنی شیکاری بەکاربێنن لەبەرئەوەی بتوانرێت وەسف و شیکارییەکیووردو زانستیانە بۆ ئەنجامە شیکاراوەکانی لێکۆڵینەوەکە بکرێت، هەروەها بۆئەوەی شێوازی وەسفکردنەوە بەشێوەی ژمارەی بێت و تیایدا برو قەبارەکەی دیاری بکات(عاشور، ٢٠٠٤).

خشتەی (٢)

دابەش بوونی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی ڕەگەز

| کۆمەڵگای توێژەینەوەکە | ڕەگەز | | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| مامۆستایانی ڕۆژ ئاوا | مێ | ٢٩ | ٣٣ |
| | نێر | ٣ | ٤ |
| مامۆستایانی ڕۆژهەلات | مێ | ٥٤ | ٦١ |
| | نێر | ٢ | ٢ |
| سەرجەمیان | | ٨٨ | ١٠٠٪ |

### ٣-٣. کۆمەڵگای توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لەسەرجەم مامۆستایانی هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ کەوانەی جوگرافیای سروشتی پۆلی یازدەی ئامادەی دەڵێنەوە لەهەردوو پەروەردەی رۆژهەلات و رۆژئاوا لەناوەندی شاری سلێمانی ,هەروەها ژمارەی کۆمەڵگاکە پێکهاتوە لە(١٥٥) مامۆستا لەهەردوو ڕەگەز لەخوێندنگاکانی سەربە هەردوو پەروەردەیی رۆژهەلات رۆژئاوا کە وەرگیراوە لە ئامارەکانی هەردوو پەروەردەکەوە بۆسالَی (٢٠١٩-٢٠٢٠ز).

### 3-4: نمونەی توێژنەوە

لەڕێگەی ئامادەکردنی کۆمەڵگای توێژینەوەکەوە لێکۆڵەران نمونەی توێژینەوەکەیان هەڵبژارد بەجۆرێك نمونەکە هەڵبژێردرا لەو مامۆستایانەی وانەی جوگرافیای سروشتی دەڵێنەوە لە خوێندنگەکانی هەردوو پەروەردەکە لەناوەندی

شاری سلێمانی کەژمارەیان (٨٨) مامۆستا بوە لەکۆی (١٥٥)، واتە دەکاتە نزیکەی ٥٦،٧٧ ٪ی کۆی کۆمەڵگای توێژینەوەکە (سەیری خشتەی ٢ و ٣ بکە).

**٣-٤ ئامرازی توێژینەوەکە**

لەدوای خوێندنەوەی سەرچاوەکانی ڕابردوو (عارف و ئازاد، ٢٠١٨) و سود وەرگرتن لەڕێبازو ڕێکارە زانستیەکانیان، توێژەران هەستان ئامادەکردن و بەکارهێنانی فۆڕمی ڕاپرسیەکی نیمچە کراوە کە پەیوەندی بەبابەت و ئامانجی لێکۆڵینەوەکەوە هەبوو لەسەر کۆمەڵگای توێژینەوەکە، ڕاپرسیە لەسەر دوو ڕەهەندی سەرەکی بنیادنرابوو ئەوانیش لایەنی زانستی و لایەنی پەروەردەیی هەریەکە لەم ڕەهەندانەش لە کۆمەلێك تەوەر پێکهاتبون بەشێوەیەك بوار بڕەخسێنێت بۆ توێژەران تاوەکو بابەتی جوگرافیای سروشتی زۆر بەووردی هەڵسەنگاندنی بۆ ئەنجام بدرێت. بێجگە لەوەش تەوەرو پرسیارەکانی ڕاپرسیەکە لە دوو جۆر پرسیار پێکهاتبون جۆری یەکەم و سەرەتا پرسیارە گشتیەکان بوو لەسەر تەمەن، پسپۆڕی و ماوەی خزمەت، جۆری دووەم پێکهاتبوو لە تەوەرە سەرەکیەکان (زانستی و پەروەردەیی) لەگەڵ پرسیارەکانی هەر تەوەرێکدا ژمارەی تەوەرەی زانستی (٢١) پرسیار بوو لەکاتێکدا ژمارەی پرسیارەکانی تەوەرەی پەروەردەی (٢٠) پرسیار پێکهاتبوو.

٣-٤-١ ڕاستی و دروستی (الصدق):Validity

بەگوێرەی گرەی (Gray, 2009) جێبەجێکردن و بەدیهێنانی ڕاستگۆی توێژینەوە یەکێکە لە هەنگاوە پێویستەکانی تەواوکاری توێژینەوە کە بەهۆیەوە ئاستی ووردی و بێلایەنی و ڕاستیگۆی زانیاریە کۆکراو بەدەستهاتووەکان دەردەخات. بۆ مەبەستی بەدیهێنانی ڕاستگۆی لەبەشەکانی ڕاپرسیەکەدا، لێکۆڵەران سەرجەم تەوەرەو پرسیارەکانیان نمایشی شارەزایان و پسپۆڕان کردوە کە ژمارەیان (٥) کەس بوو لە پسپۆڕەکانی بواری دەرونزانی، پێوانەو هەڵسەنگاندن، جوگرافیا، ڕێگاکانی وانە وتنەوە بۆئەوەی ڕاستی و دروستیان بۆ بکرێت و تەوەرەو پرسیارە لاوازەکان چاک بکرێتەوە یان لابدرێت و ووردبینی و ڕاست و دروستی بۆ دەستەواژە و لایەنی زمانەوانی و زانستی بون ڕەچاو بکرێت. لەدوای وەرگرتنی ڕای شارەزایان توێژەران هەندێك لەپرسیارەکانی تەوەرەکانیان بەهێزتر کرد لەڕووی زمانەوانیەوە، چەند پرسیارێکیش شێوەکەیان گۆڕدران.بێجگە لەبەدیهێنانی ڕاستگۆی ڕواڵەتی؛ کەخۆی دەبینێتەوە لەوەی توێژەران هەڵسەنگاندنیان بۆ تەوەرەو پرسیارەکانی ڕاپرسیەکەدا کردوە لەتێڕاوانینی شارەزایان و پسپۆڕانەوە، وراپرسیەکە بەخواستو ئارەزوی نمونەکە وەلام دراوەتەو ولەکات و شوێنی دیاریکراوی گونجاو بۆ نمونەی توێژینەوەکە وەلامدراونەتەوەو ئەو فۆڕمانەی نەگەڕاونەتەوە یاخود کەموکورتیان هەبو بێت ئەژمار نەکراون لەکۆکردنەوە وشیکردنەوەی زانیاریەکاندا.

٣-٤-٢ نەگۆڕی (الثبات): Reliability

بۆمەبەستی وەرگرتنی جێگیری تەوەرەکانی ڕاپرسیەکە، توێژەران دوو جار ڕاپرسیەکەیان جێبەجێکردن بەسەر (٢٠ کەس) پێش لەنمونەی توێژینەوەکەدا پێش ئەوەی ڕاپرسیەکە دابەش بکرێت بەسەر تەواوی نمونەی توێژینەوەکەدا هاوکۆلکەی کرۆنباك ئەلفا (Cronbach's Alpha) کەپێوەرەکەی لەنێوان (سفر بۆ ١) دایە بەکارهێناوە بۆ تاقیکردنەوە و بەدیهێنانی ڕاستگۆی دەرەکی زانیاریەکانی توێژینەوەکە ئەنجامەکەشی (٠.٨٩٢) بوو کەئەوە بەگوێرەی بروین (Bruin, 2006) مانای وایە زانیارییەکان لەئاستێکی بەرزی گونجاویدان.

٣-٥ جێبە جێکردنی ئامرازەکە:

لێکۆڵەران لەدوای ئەوەی ڕاستگۆیی جێگیریان بەدی هێنا بۆ تەوەرەو کۆی پرسیارەکانی ڕاپرسیەکەیان، پاشان هەستان بە ئامادەکرنی کۆپیەکانی ڕاپرسیەکەو لەماوەی نێوان (٢٧/ ١٠/ ٢٠١٩) بۆ (١٠/ ١٢/ ٢٠١٩) بەشێوەیەکی مەیدانی دابەشیان کرد بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا کەمامۆستایانی وانەی جوگرافیای سروشتی پۆلی یازدەی ئامادەی بوون لەهەردوو پەروەردەی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا.

٣-٦ هاوکێشە ئاماریەکان:

سەرەتا لەبۆ ئاسانکاری شیکردنەوەو زانیارییەکان و دۆزینەوەی ئەنجامەکان توێژەران ئەنجامەکانی ئەو ڕاپرسیانەی بەسەر نمونەی توێژینەوەکەیاندا جێ بەجێیان کردبوو وەلامەکانیان گۆڕین بۆ ژمارەی سەرەتایی لەسەرپلەبەندی (١ بۆ ٥)، پاشان لەدوای گۆڕین و ڕێکخستنی وەلامەکان توێژەران لەڕێگای بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەلایەتیەکان

(SPSS) تیایدا سود وەرگیراوە لەچەند هاوکێشە و هاوکۆلکەی ئاماری لەوانە:

بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی و جیگیری و نەگۆڕی نێوان گۆڕاوەکان هاوکێشەی کرۆنباخ (Cronbach' Alpha) بەکارهێنرا. بەگوێرەی ئەو تاقیکردنەوەیەش ئەگەر ئەنجام کردیە (٠.٧٠) و بەرەو سەرەوە ئەوا جێگیری زانیاریەکان بە پەسەند ئەژمار دەکرێت. هەروەها توێژەران بۆمەبەستی دۆزینەوەی ئاستی جیاوازی ڕایەکانی نێوان گروپە جیاوازەکانی نمونەی توێژینەوەکە بەتایبەتی ئەو گروپانەی پەیوەندی بە خزمەتی مامۆستایانی نمونەی توێژینەوەکەوە هەبوو وەك ئەوانەی خزمەتیان لە (٧ ساڵ و کەمتر، ٧- ١٠ ساڵ، ١٠ ساڵ بەرەو سەرەوە)دایە تاقیکردنەوەی (One Wa ئەلفa y Anova) یان بەکارهێنرا.

سەرەڕای ئەوانەش لەم توێژینەوەیەدا تاقیکردنەوەی (T-Test Two Sample Equal Variance) بەکارهێنرا بۆئەوەی جیاوازی ناوەندەکانی (Means) ڕایەکانی نێوان نمونەی توێژینەوەکە بزانرێت سەبارەت بە هەڵگرانی بڕوانامە جیاوازەکان بەتایبەتی لەنێوان ڕایەکانی هەڵگرانی (بەکالۆریۆس و سەرو بەکالۆریۆس). هەروەها ناوەندی شیاو بۆ باسکردنی هەر برگەیەك لەبرگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە و زانینی بەهاکەی لە چوارچێوەی هەر بوارێکدا، هەروەها بۆ مەبەستی ڕاڤەکردنی ئەنجامەکان بەکارهێنراوە:

ناوەندی شیاو= (ت١×٥)+(ت٢×٤)+(ت٣×٣)+(ت٤×٢)+(ت٥×١)
―――――――――――――――――
مج ت (صبری، 2006: 106)

کێشی سەدی: بۆ ڕاڤەکردنی ناوەندی شیاو و برگەکان. (هیکل، ١٩٩٥: ل ٩٨)

کێشی سەدی= ناوەندی شیاو
――――――
٥

## بەشی چوارەم: ڕێکارەکانی توێژینەوە

### ٤_١ خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامی توێژینەوەکە

ئەم بەشە، خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەو ئەنجامانەیە کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە دەربارەی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەرەپێدانی توانا فێرکارییەکان لەخوێندنگا بنەڕەتییەکان لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە لە بەر ڕۆشنایی ئامانجەکانی توێژینەوەکە ڕاڤەکراوە، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر لە کاتی شیکردنەوەکەیاندا ئەم هەنگاوانەی پەیڕەوکردووە، بەشێوەیەك: بۆ دەرهێنانی نرخی ناوەندی شیاوی برگەکان، توێژەر وەڵامە دووبارەکانی هەر برگەیەکیان لەبرگەکانی فۆرمی ڕاپرسەکە،بەپێی ڕەهەندەدانراوەکان (نایاب)(زۆر باش)(باش)(پەسەند)(لاواز) بۆ ئەژمارکردنی ئەم نرخانەش (پێنج)نمرە دراوە بە ڕەهەندی یەکەم و (چوار) نمرە دراوە بە ڕەهەندی دووەم و (سێ) نمرە دراوە بە ڕەهەندی سێیەم و (دوو) نمرە دراوە بە ڕەهەندی چوارەم و (یەك) نمرە بە ڕەهەندی پێنجەم (١، ٢، ٣، ٤، ٥) ناوەندی ژمێرەیی پێوەرە پێنج ڕەهەندییەکە دادەنرێت بە (3) کە پێوەرێکە.

٢ -بۆ جیاکردنەوەی لایەنی بەهێز و لاوازی برگەکان، هەر برگەیەك ناوەندی شیاوەکەی (3) یا بەرزتر بوو ئەوا واتە لایەنی بەهێزی تەوەرەکانی ئامرازەکە دەنوێنێت، ئەگەر لە (3) کەمتر بوو، واتا لایەنی لاوازی ئاستی تەوەرەکان دەنوێنێت لە ناوپەرتوکەکەدا.

٣ - توێژەر بۆشیکردنەوەی گۆڕاوەکانی (خزمەت ،بڕوانامە) ،تاقیکردنەوەی (One Way Anova) بەکار هاتووە بەبەرنامەی.(SPSS)

خشتەی (٤): ڕەهەندی ژمارەی برگەکان پیشان دەدات

| نەخێر | بەڕادەیەکی کەم | ناوەند | بەڕادەیەکی زۆر | بەڕادەیەکی زۆر زۆر |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |

### ٤-٢ خستنەڕووی ئەنجامەکان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە:

١ .ئامانجی یەکەمی توێژینەوەکە هەڵسەنگاندنی پەرتوکی جوگرافیای سروشتی پۆلی یازدەی وێژەی لەدیدی مامۆستایان لەناوەندی شاری سلێمانی توێژەران بەپێی ئامرازی توێژینەوەکە کە پێکهاتووە لە دوو تەوەرە تەوەرەی زانستی و تەوەرەی پەروەردەیی.

یەکەم/ ئەنجامەکانی تایبەت بەتەوەرەی زانستی لە جوگرافیای سروشتی پۆلی یازدەم لە دیدی مامۆستایانی تایبەت بە بابەتەکە:

بەپێی زانیاریە ئاماریەکانی خشتەی (٥) کەتایبەتە بەتەوەرەی هەڵسەنگاندن لەڕووی زانستییەوە کەلە (٢٠) برگە پێکدێت، بەپێی ڕیزبەندیان تەوەرە بەهێز و لاوازەکان جیا دەکەینەوە، ئەوبرگانەی کە ناوەندی شیاویان (٣) بەرەو ژورن پێکدێت لەتەوەرەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥) کەناوەندی شیاویان لەنێوان

(١٧.٣-٠١.٣) وه كێشی سەدیان (٠.٦٠- ٠.٦٣) ئەم برگانە لەبەر ئەوەی ناوەندی شیاویان (٣) بەرەو سەرەوەیە کەواتە بەشێوەیەکی گشتی لەئاستیکی پەسەندکراودان بەپێی تێڕوانینی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا تێڕوانینیان بۆ هەڵسەنگاندنی پەرتوکەکە لەئاستێکی پەسەندایە، هەروەك ئەوەی لەکتێبەکەی (عاشور، ٢٠٠٤: ٢٧)دا باس لەو لایەنانە دەکات کە دەبێت وەك تایبەتمەندیەکی باش لەپەرتوکەکاندا هەبێت بەتایبەتی لەباسی ڕێکخستنی بابەتەکان و ڕیزبەندیان، کەواتە وەك ئەوەی پەرتوکەکە لەو برگانەی تایبەتن بە(تەواوکاری لەگەڵ پرۆگرامەکانی قۆناغەکانی پێش و پاش خۆی، ناوەڕۆکی پەرتوکەکە بەشێوەیەکی زانستی ڕێکخراوە لەکۆنەوە بۆ نوێ، لەگشتی بۆ تایبەتی، هەستپێکراو بۆ هەستپێنەکراو، هەروەها وێنەو نەخشەو هێڵکاریەکان بەکار هێنراون گونجاو بون لەگەڵ ژمارەی بابەتەکاندا).

بەڵام ئەوبرگانەی کەناوەندی شیاویان لەخوار (٣) وەیە کەئاستی لاوازیان بەدەستهێناوە وەک برگەکانی (٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ١٦، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٠) کە ناوەندی شیاویان لەنێوان (١٣.٢- ٨٨.٢) وەکێشی سەدیان(٤٢.٠- ٥٧.٠٠) بەپێی تێڕوانینی مامۆستایانی بابەتەکە ئەم برگانە لاوازی پەرتوکەکە دەردەخات بریتین لە (ڕێکخستن و ڕیزبەندی بابەتە زانستیەکانی ناوپەرتوکەکە گونجاو نین، هاوتا نەبون لەگەڵ پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگا، نەگونجاوی رونکردنەوەکانی بابەتەکان بۆ فێرخوازان، ئاڕاستەنەکردنی خوێندکاران بۆ گەڕان بەدوای سەرچاوەی زانستی، شێوازی پەرتوکەکە بوار نادات بۆ ئەنجامدانی چالاکی ناو پۆل و دەرەوەی پۆل، چەمکەکانی ڕوون نین، هاوتانەبون لەگەڵ زانستی هاوچەرخدا، بونی هەڵەی زمانەوانی و تایپ، وێنە و نەخشە و چارت و هێڵکاری و ئاماژەکانی ناو کتێبەکە رونن بۆ خوێندکاران، هاندان یان ئاڕاستەی خوێندکار ناکات بۆ خوێندنەوەی سەرچاوە زانستیەکانی دەرەوەی پەرتوکەکە، هیچ جۆرە ئاسانکاریەکی لەگەڵدانیە (نم: CD, DVD) بۆئەنجامدانی چالاکی پراکتیکی بابەتەکان بە داتاشۆ، چەمکە زانستیەکان ڕوون نین، هەڵەی زاستی تیادایە، هەموو بابەتەکانی جوگرافیای سروشتی لەخۆی ناگرێت)، لەئەنجامی بەراووردی ئەم ئەنجامە لەگەڵ سەرچاوە ڕەسەن و باوەکانی بواری پەرتوك و پرۆگرامی خوێندنگە لەناویشیاندا وەك لەکتێبەکەی (عاشور، ٢٠٠٤)بەناوی (المنهج بين النظرية و التطبيق) و کتێبەکەی الوكيل و المفتي (١٩٩٨) بەناونیشانی (المناهج مفهوم ،العناصر)، هەروەها کتێبەکەی مرعی و الحيله (٢٠٠١) بەناونیشانی (المناهج التربوية الحديثة)دا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کەئەم پەرتوکە زۆرێك لەتایبەتمەندی و ئاستەباڵاکانی پەرتوکی خوێنگای تیادا نیە یان تیایدا لاوازە.

بەپێی زانیاریە ئاماریەکان کەلەخشتەی (٦) هاتوە کەتایبەتە بەتەوەرەی هەڵسەنگاندن لەڕووی پەروەردەییەوە کەلە(١٩) برگە پێکدێت، بەپێی ڕیزبەندییان تەوەرە بەهێزو لاوازەکان جیا دەکەینەوە، ئەوبرگانەی کە ناوەندی شیاویان (٣) بەرەو ژورن پێکدێت لەتەوەرەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥) کەناوەندی شیاویان لەنێوان (١.٣- ٣.٢١) وە کێشی سەدیان (٠.٦٠ – ٠.٦٤ )دایە، ئەم برگانە لەبەر ئەوەی ناوەندی شیاویان (٣) بەرەوسەرەوەیە کەواتە بەشێوەیەکی گشتی لەئاستیکی پەسەندکراودان بەپێی تێڕوانینی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا تێڕوانینیان بۆ هەڵسەنگاندنی پەرتوکەکە لەئاستێکی پەسەندایە لەڕووی پەروەردەییەوە کەخۆی دەبینێتەوە لەچەند لایەنێکی باشی پەرتوکەکە وەك (گونجاوی دیزاین و ڕەنگی بەرگی دەرەوەی پەرتوکەکە، ڕوونی ناونیشانەکەی و گونجاوی لەگەڵ ناوەڕۆکی پەرتوکەکە، پەسەندی قەبارەکەی، رونی و گونجاوی قەبارەی فۆنتی نوسینی بابەتەکان). بەگوێرەی سەرچاوەکانی وەك (عاشور، ٢٠٠٤؛ مرعی و الحيله، ٢٠٠١) ئەم سیفەتانە لەتایبەتمەندیە باش و هاوچەرخەکانی پەرتوکی خوێندنگەن.

بەپێچەوانەشەوە، بەگوێرەی زانیاریەکانی خشتەی (٦)، زۆربەی برگەکانی (١٤ برگە) تایبەت بە هەڵسەنگاندنی لایەنە پەروەردەییەکان وەك برگەکانی (٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ١٦، ١٧، ١٨، ١٩) ناوەندی شیاویان لەخوار (٣)وەیە کەئەم لایەنە لاوازانەش خۆیان دەبیننەوە لەوەی پەرتوکەکە ڕەچاوی حەزو ئارەزووی خوێندکار ناکات، زانیاریەکانی ڕوون نیە بۆ مامۆستاکان، گونجاو نیە لەگەڵ ئامانجە پەروەردەییەکاندا، تازەگەری تایبەت بەهۆکارە فێرکاریەکانی تیادا نیە، چالاکیەکانی ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی نێوان فێرخوازەکان ناکات و گونجاو نیە بۆیان،

بابەتەکانی فێرکاری تەواو نادات بە خوێندکاران، نوسین و ڕێکخستنی ناوەڕۆك و بابەتەکان بەپێی بنەما دەرونزانیەکان دانەڕێژراوە، گونجا نیە بۆ شێوازە نوێیەکانی وانە وتنەوە، ڕاهێنان و پرسیارەکانی بەپێی ئاست و تەمەنی خوێندکارەکان دانەڕێژراوە و پێوانەی ئامانجەکان دەکەن، هانی خوێندکار نادات بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانەو ڕەخنە گرانە). ئەم ئەنجامەش ئەوە دەگەیەنێت جگە لەهەندێ لایەنی کەم نەبێ پەرتوکەکە لەزۆربەی لایەنە پەروەردەییەکانیشەوە شکستی هێناوە و ئامانجە پەروەردەییەکان بەدی ناهێنێت لەڕووی کوالێتی بەرزی پرۆگرام و یارمەتیدان و هاندان و پێشخستنی فێرخواز و مامۆستاکان. بەمانایەکی دیکە دەتوانرێت ئەوە بوترێت پەرتوکەکە تەنها لەڕووی هونەرییەوە ئاستی پەسەندی بەدەستهێناوە بەپێچەوانەوە لەزۆربەی لایەنە پەروەردەییە هاوچەرخەکانەوە کەموکوڕی و لاوازی هەیە. لێرەوە دەردەکەوێت ئەم پەرتوکە لەگەڵ بەها زانستی و پەروەردەییەکانی ئەم سەردەمەدا ناگونجێت هەروەك لەسەرچاوەکاندا ڕەسەنەکاندا (عاشور، ٢٠٠٤؛ الوكيل و المفتي ١٩٩٨؛ مرعی و الحيلة، ٢٠٠١) ئاماژەی پێکراوە ئەگەر ئامانجە پەروەردەییەکان لە پەرتوکی خوێندگادا بەدی نەیەت ئەوا ئەو پەرتوک و پرۆگرامانە شکست دەهێنن لەبەدیهێنانی ئامانجە باڵاکانی پەروەردەو فێرکردن.

لەلایەکی دیکەوە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لەڕووی زانستی پەروەردەییەوە ئەوە دەردەخات ئەم پەرتوکە بەم کەموو کوڕیانەوە لەگەڵ ستانداردە جیهانییەکاندا ناگونجێت لەبەر ئەوەی بەگوێرەی سەرجاوەی دامەزراوەی پەروەردەی (Education bureau) لە هۆنگ کۆنگ جەخت دەکەنەوە کەپەرتووکی خوێندنگە دەبێت لەهەموو لایەنە پەروەردەی و زانستیەکانەوە تەواوکەرو پێکەوە بەستراوبن لەڕوی ئامانج و ناوەڕۆک و پرۆسەو ستراتیژەکانی فێربوون و فیرکردن و هەڵسەنگاندن بەجۆرێک دەبێت ئەم لایەنانە گونجاوبن لەگەڵ فەلسەفەی کۆمەڵگە و ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری سەردەم، هەروەها دەبێت لەگەڵ شوێن و قۆناغ و ئاستی لێهاتووی مامۆستا و فێرخوازدا بگونجێت.

هەروەها لەتوێژینەوەی مورگاترۆید و مۆرگان (Murgatroyd and Morgan: 1993) ئەوەیان ڕاگەیاندوە کە لەتایبەتمەندییە باش و باڵاکانی پرۆگرامی خوێندن ئەوەیە کە دەبێت پرۆگرام و ئامانجە پەروەردەی و زانستیەکان بەشێوازێک بێت کە خوێندکار لەهەڵە و کەموکورتی دوربخاتەوە و بەرەو لوتکەی زانستی ئارستەی بکات بوار بڕەخسێنێت بۆ خوێندکار لەدەرەوەی پەرتوکەکە هەوڵە زانستیەکانی بەردەوام بکات ، کەواتە بەگوێرەی ئەم پێوەرە زانستەیەش بێت ئەم پەرتوکە بەم کەمو کوڕیانەوە فێرخوازانی هەرێمی کوردستان ئاراستە ناکات بەرەو لوتکەی زانست و زانیاری.

٢. شیکردنەوەی ئاستی جیاوازی تێڕوانینەکان بەگوێرەی گۆڕاوی (خزمەت):

بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دووەم کەتایبەت بوو بەزانینی،جیاوازی تێڕوانینی مامۆستایانی بابەتەکە لەسەر هەڵسەنگاندنی پەرتوکی جوگرافیای سروشتی قۆناغی یانزەی وێژەی، بە پێی گۆڕاوی خزمەتیان (خوار ٧ ساڵ، ٧-١٠ ساڵ، ١٠ساڵ زیاتر)، لەسەر تەوەرەکانی فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوەکە. وەک لەخشتەی (٧) ڕوونکراوەتەوە. بەگوێرەی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی (One Way Annova) (کەتیایدا نرخی(P) گەورەتر بوو لە نرخی ستاندارد (٠.٠٥)- (8.7)> P-value 0.05) ئەوە دەرکەوت کە هیچ جیاوازیەك نیە لەتێڕوانینی مامۆستایانی نمونەی توێژینەوەکە لەنێوان ئەو گروپانەی کەلەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە، بەمانایەکی دیکە ئەم ئەنجامە ئەوە دەگەیەنێت تارادەیەکی زۆر تێڕوانینی هاوبەش هەیە لەنێوان مامۆستایانی خاوەن ئەزمون و خزمەتە جیاوازەکان سەبارەت بە هەڵە کەموکورییەکانی ناو پەرتوکەکە

### ٣- شیکردنەوەی ئاستی جیاوازی تێڕوانینەکان بەگوێرەی گۆڕاوی (بڕوانامە)

ئەنجامەکانی پەیوەست ،جیاوازی تێڕوانینی جیاوازی تێڕوانینی مامۆستایانی بابەتەکە لەسەر هەڵسەنگاندنی پەرتوکی جوگرافیای سروشتی قۆناغی یانزەی وێژەی،بە پێی گۆڕاوی (بڕوانامە )،بە پێی گۆڕاوی بڕوانامەکانی( بەکالۆریۆس، سەرووبەکالۆریۆس)، لەسەر تەوەرەکانی فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوەکە. وەک لەخشتەی(٤_٤)ڕوونکراوەتەوە.

بەگوێرەی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی (T-Test Two Sample Equal Variance) (کەتیایدا نرخی(P) بچوکتر بوو لە نرخی ستاندارد (٠.٠٥)- (8.7)> P-value 0.05} ئەوە دەرکەوت کە

جیاوازیەکی زۆر هەیە لەتێڕوانینی مامۆستایانی نمونەی توێژینەوەکە لەنێوان هەردوو گروپی (بەکالۆریۆس، سەروو بەکالۆریۆس)، بەمانایەکی دیکە ئەم ئەنجامە ئەوە دەگەیەنێت تاڕادەیەکی زۆر تێڕوانینی جیاواز هەیە لەنێوان مامۆستایانی خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس و مامۆستایانی هەڵگرانی بڕوانامەی سەروو بەکالۆریۆس سەبارەت بە هەڵە وکەموکورییەکانی ناو پەرتوکەکە.

٤. ئەنجامی ئامانجی چوارە لەبارەی هەڵە وکەموکورتیەکانی ناو پەرتوکەکە:

بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجی چوارەمی توێژینەوەکە، توێژەران دوو تەوەرەی کۆتای ڕاپرییەکەیان بەشێوەی پرسیاری کراوە تایبەت کرد بۆئەوەی نمونەی توێژینەوەکە بتوان ئازادانە هەموو ئەو تێبینی و هەڵەو کەموکوڕییانەی بەدی دەکەن لەپەرتوکەکەدا ئاماژەی پێبکەن، لەدوای جێبەجێکردنی ڕاپرسیەکە بەناو نمونەی توێژینەوەکەدا، لێکۆلەرەوان سەرجەم وەڵامەکانی بەشداربوانیان کۆکردەوەو لەخشتەی (٤-٤)دا بەپێ وەڵامی دووبارە هەمووی کۆکراوەتەوە بەگوێرەی تایبەتمەندی و بوارە جیاجیاکانی هەریەکە لە تەوەرەی زانستی و پەروەردەیدا جیاکراونەتەوە.

بەگوێرەی زانیارییەکانی ناو خشتەکە، دەردەکەوێت مامۆستایان و پسپۆڕانی بابەتەکە سەرنج و تێبینیان لەسەر تەواوی بابەتەکان پەرتوکەکە هەیە بەشێوەیەك هەندێکی بەهەڵەو هەندێکی دیکەی وەك کەموکورتی دەبینن بەوپێیەش هەڵە و کەموکوریەکان خۆیان دەبیننەوە لەبوارەکانی (زمانەوانی، خاڵبەندی، نەخشەو هێڵکاری و خشتەو وێنەکان، زانیاری و داتاکان، چالاکیەکان، پرسیارو ڕاهێنانەکان (هەڵسەنگاندنەکان)، چەمکەکان، ئامانجە پەروەردەییەکان، سەرچاوەکان، دیزاین و بەشەکان).بەگوێرەی زانیاری و تیبینیەکان هەندێکیان پێویستیان بەگۆڕینی بنچینەی هەیەو هەندێکی دیکەیان چاکسازی و دەستکاری کردنی دەوێ، بەڵام لەهەردوو لایەنەوە پەرتوکەکە پێویستی دەستبەجێ و خێرای دەوێت لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆئەوەی کاری تەواوی لەسەر بکەن بۆئەوەی بەشێك لەبەربەست و کێشەکانی پرۆسەی پەروەردە لەبۆ (خوێندکارو پرۆگرام و مامۆستا) چارەسەربکەن.

## بەشی پێنجەم: دەرئەنجام

لەکۆتاییدا لەئەنجامی شیکردنەوەی داتاکانی ئامرازەکان کۆمەڵێك ئەنجام بەدەست هاتوون لەوانە:

### یەکەم/لەڕووی زانستی

١- بابەتە زانستیەکان باسکراوەکانی پەرتوکەکە بەراوورد بە قۆناغەکانی پێش و پاشتر گونجاون، واتە تەواوکاری پەرتوکەکانی دیکەی قۆناغەکانی دیکەی خوێندنن.

٢- هاوکات ڕێکخستن و ڕیزبەندی زانیاریەکانی ناو پەرتوکەکە نەگونجاوە و بابەتە پەیوەندیدارەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی پاش و پێشخراون لەناو پەرتوکەکەدا نمونەش باسکردنی هەندێك لە ڕەگەزەکانی ئاووهەوا لەپێشەوە و باسکردنی هەندێکی دیکەیان لەکۆتای پەرتوکەکەدا.

٣-سەرجەم وێنەونەخشەو چارت و هێڵکارییەکان پەیوەندیدارن بە ناوەڕۆکی پەرتوکەکەوە، بەپێچەوانەوە هەندێك کێشەیان هەیە وەك (ڕون و ئاشکرا نین بۆ خوێندکاران، ئاراستەی خوێندکاران نەکراوە بۆیان، وێنەی خشتەو هێڵکاریەکان تەواو ڕونکردنەوەیان لەسەریان نەدراوە، هاوکات هەندێك لەوێنەکان زیادەن و تەنها شوێنیان گرتوە لەپەرتوکەکەدا.

٤-جوگرافیای سروشتی پۆلی یازدەی ئامادەی باس لەهەندێک لە ڕوداوە سروشتییەکان ناکات کەپێویست بوبەخوێندکارا بناسێنێت وەک ناسینی ڕوداو کێشەو پیسبونە ژینگەییەکان.

٥-زانیاری ناو پەرتوکەکە زۆر کۆنن، سەرەڕای پشتراستکردنەوەی ئەم زانیاریانە لەئەنجامی گەڕانەوەی فۆرمی ڕاپرسییەوە سەربەرشتیارێکی پەروەردەیش جەختی لەسەرە کۆنی زانیارییەکان کردەوە.

٦-بابەتەکان پێویستیان بەڕونکردنەوەی زیاتر هەیە و خوێندکار ئاراستەی خوێندنەوەی سەرچاوەی زیاتر ناکات، بابەتەکان هۆکارێک نین بۆ هاندانی خوێندکار بۆ چالاکی زانستی.

٧-هەرچەندە بەپێی داتاکان دەرکەوتوە کە هێڵکاری و نەخشە وچارتەکان پەیوەندیان بە چەمکەکانەوە هەیە بەڵام ڕونکردنەوەی زیاتریان پێویستە بۆ فێرخواز.

٨-پەرتوکەکە هیچ جۆرە ئاسانکارییەکی لەگەڵ نیە بۆ ئەنجامدانی چالاکی پراکتیکی ناوپۆل.

٩-دەرکەوتوە پەرتوکەکە هەڵەی زانستی و زمانەوانی زۆری تێدایە بۆیە پێویستی بەدوبارە ڕاستکردنەوە و چاککردن هەیە دووەم/لەرووی پەروەردەییەوە:

١-پەرتوکەکە لەڕووی بەرگ و دیزاینی دەرەوە گونجاوە ئاماژەکان و مەبەستەکانی روونکراونەتەوە.

٢- قەبارەی کتێبەکە و فۆنتی نوسینەکەی گونجاوە.

٤-ئەم کتێبە ڕەچاوی حەز و ئارەزوی خوێندکار ناکات و زانیاریەکانی روون نەکراونەتەوە بۆ فێرخوازان و مامۆستایان و هەندێک لەزانیاریەکان ئاڵۆزیان پێوەدیارە.

٥-لەبەر کۆنی ودوبارەبونەوەی زانیاریەکان پەرتوکەکە لەگەڵ ئامانجە پەروەردەیە نوێیەکاندا ناگونجێت.

٦-هۆکارە فێرکاریەکانی ناو پەرتوکەکە کۆنن و پێویستیان بە تازەگەریە .

٧- ئامرازی پێویست لەبەردەستدا نیە بۆ پراکتیزەکردنی زانیاریەکانی ناو پەرتوکەکە.

٨-چالاکییەکان و ڕاهێنانەکانی ناو پەرتوکەکە بەپێی پێویست نین بۆ فێرخوازو ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی فێرخوازان ناکات.

٩- پەرتوکەکە هانی فێرخواز نادات بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ڕەخنەگرانە کەبەشێکە لە ئامانجە گشتییەکانی پەروەردە.

## پێشنیاز و ڕاسپاردە:

١-پێویستە پەرتوکەکە لەلایەن لێژنەیەک لەکەسانی شارەزاوپسپۆڕ لەبواری جوگرافیای سروشتی و پەروەردەوە دوبارە پێداچونەوەی پێدابکرێتەوە.

٢-پێویستە چەمک و بابەتە زانستییەکان دوبارە رونکردنەوەی زیاتریان پێبدرێت لەپەرتوکەکەدا تاکو مامۆستا و فێرخواز بگەنە ئامانجەکانی تایبەت بە زانستی جوگرافیا.

٣-پێویستە پەرتوکەکە خوێندکاران ئاراستە بکات بە گەڕان بەدوای سەرچاوەی زانستی ئەویش لەڕێگەی ڕاپۆرت و سیمنار و چالاکی زانستیەوەکە ئەنجام بدرێت لەلایەن فێرخوازانەوە.

٤-پێویستە ئەم پەرتوکە پاک سازی تێدابکرێت لەلایەن پسپۆڕانی زمانەوانی جوگرافیای سروشتی چونکە زۆربەی وەرگێرانەکان وەرگێرانی زمانەوانین ئەمەش ئامانجەکەی لاواز کردوە.

٥-پێویستە دوبارە پێداچونەوەبکرێت بە وێنە و نەخشە و هێڵکاریەکان لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بەڕەنگاو ڕەنگردنی هێڵکاری و چارتەکان.

٦-ئەم پەرتوکە لەلایەن مامۆستای پسپۆڕەوە بوترێتەوە چونکە لە ئەنجامی نەبونی زانیاری پێویست خوێندکار بێزاردەکات لەڕووی دەرونیەوە .

٧-دوبارە پێداچونەوە بکرێت بە پرسیار و ڕاهێنان و چالاکییەکان لەلایەن لێژنەیەکی پسپۆڕی پەروەردەی و دەرونزانیەوە.

٨-پێشنیار دەکەین توێژینەوەیەکی تری هاوشێوە بکرێت بۆ قۆناغەکانی تری ئامادەی لەبەر ئەوەی لەئەنجامی چاوپێکەوتندا دەرکەوتوە کە پەرتوکی قۆناغەکانی دیکە گرفتیان تێدا بەدی دەکرێت.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم/ سەرچاوەی کوردی:


١. ئێرتوغرۆڵ، خالید (٢٠١٧) ڕێبەری مامۆستا بەرەو سەرکەوتن، وەرگێرانی دۆستی عوسمان صدیق، چ١، بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان.

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی پەروەردە، لێژنەی باڵای کۆنگرەی پەروەردەی (ڕاپۆرتی کۆنگرە) لەڕۆژانی (٢٢-٢٠٠٧/٥/٢٤ز)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٣. سمور و غانم: حسن ابو سمور و علی غانم (٢٠١٢)، دەروازەیەک بۆ زانستی جوگرافیای سروشتی، و/ ئوسامە ئەشرەف محمد هەڵەبجەی، چ١، چاپخانەی نارین.

٤. سیوەیلی ، ئیدریس محمد ، (٢٠١٧) ، مامۆستای کارامەو وانە وتنەوەی سەرکەوتوو ، ض2 .

٥. عارف ، کارزان محمد حسین و ئازاد، کوردستان محمد . (٢٠١٨) هەڵسەنگاندنی پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بۆ پۆلی نۆی بنەڕەتی لەدیدی مامۆستای وانە.

٦. قادر، ڕەمەزان حمەد ئەمین (٢٠١٤) ڕێگاو شێوازە تێۆری و پراکتیەکانی وانە وتنەوە، چاپخانەی رۆژهەڵات، چ١، هەولێر.

٧. قەرەچەتانی، کەریم شەریف.(٢٠٠٨). پێوانەو هەڵسەنگاندن لەبواری دەرونزانی، چاپی یەکەم، سلێمانی.

- مامڵێسی، زانا عوسمان (٢٠٠٩) هەڵسەنگاندنی کتێبەکانی مێژووی قۆناغی ئامادەیی لە تێڕوانینی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانەوە، ماستەرنامەی باڵو نەکراوە.

سەرچاوەی عەرەبی:

٨. ال عمر، فهد بن عبدالله. (٢٠٠٤). طرق تدريس المواد الاجتماعيه، ط٢، مكتبه المتنبى، الدمام.

٩. خضر، فخري.(٢٠٠٦).طرائق تدريس الدراسات الاجتماعيه، عمان، دار المسيره للنشروالتوزيع، ط1.

١٠. الصبري، عزام عبدالرحمن (2006) الاحصاء الوصفي و تعامل spss، دارالكتاب العالمي، عمان.

١١. عاشور، راتب. (2004). المنهج بين النظريه و التبيق، دار المسيره للنشرو التوزيع، ط1، الاردن.

١٢. عوده، احمد. (٢٠٠٢). القياس والتقويم في العمليه التدريسيه، ط6، جامعه يرموك، إربد، الاردن.

١٣. عيسى، مصباح. (١٩٩٨). تقويم تجربة استخدام الحاسوب في مدارس المقررات الثانوية بدولة الكويت. مؤتة للبحوث والدراسات. ٣ (٢): ٢٥٧ -٣٢١.

١٤. المحاسنه، إبراهيم و على، مهيدات. (٢٠٠٩). القياس والتقويم الصفي، ط١، عمان، الاردن.

١٥. مرعي، توفيق و الحيلة، محمد (2001) المناهج التربوية الحديثة، مفاهيمها وعناصرها وأسسها وعملياتها، ط2، دار المسيرة.

١٦.. هيكل، عبد العزيز. (1995) طرق التحليل الإحصائي، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت.

١٧. الوكيل، حلمى والمفتي، محمد (1998) المناهج مفهوم العناصر، مكتبة أنجلو المصرية، ط1، القاهرة.

English references:

18. Bacchini, Simone Curzio. (2014), "The Cambridge Dictionary of English Grammar", Reference Reviews, Vol. 28 No. 8, pp. 27 28.
19. Bruin, J. (2006). Newtest: command to compute new test.UCLA:
20. Cambridge University Press. (2008). Cambridge online dictionary, Cambridge Dictionary online. Retrieved at April 23, 2008, from: http://temoa.tec.mx/node/324.
21. Education Bureau.(2016). Guiding Principles for Quality Textbooks. The Govermentof Hong Kong Special Administrative Region of the People's Republic of China. Textbook Committee, Ends/Tuesday, November 7, 2016/ Issued at HKT 16:30.
22. Eratosthenes. (2010). Eratosthenes' Geography. Translated by Roller, Duane W. Princeton University Press. ISBN 978-0-691-14267-8.
23. GRAY, D. (2009). Doing Research in the Real World. London: Sage Publication.
24. Hapa haole (2013) In *Merriam-Webster's online dictionary* [online] Retrieved from http://www.merriam-webster.com [16 September, 2013].
25. Hassan, Nabard Jabar. (2015), Householders' perceptions about the Barriers to climate change adaptation in the city of Leeds, A dissertation presented in part fulfilment of the degree of MSc Sustainability (Climate Change), School of Earth and Environment, University of Leeds, United Kingdom.
26. Holden, J. (2011). Physical Geography: the Basics, Routledge Taylor and Francis Group, ISBN 0-203-81714-1
27. Jahanian, R. (2012). Educational Evaluation: Functions and Applications in Educational Contexts. International Journal of Academic Research in Economics and Management Sciences, 1 (2): 253-257.

28. Marsh, William M.; Kaufman, Martin M. (2013). Physical Geography: Great Systems and Global Environments. Cambridege University Press. ISBN 9780521764285.

29. Mayhew, S. (2015). "Physical geography." In *A Dictionary of Geography*. Oxford University Press. Retrieved 23 Mar. 2017.2

30. Morries, William, (2013). American Heritage dictionary of the English language, American Herigate, ISBN: 0395090660.

31. Murgatroyd, Stephen and Morgan, Colin. (1993), Total Quality Management and the School. Contributors: Stephen Murgatroyd, Open University Press. Place of publication: Philadelphia. ISBN 0–335–15723–8.

32. Oxford University Press. (2015), Oxford University Press. (n.d.) Emotional Intelligence. Oxford English dictionary. Retrieved 25, 11, 2019, from: https://www.oed.com/view/Entry/258346?redirectedFrom=emotional+intelligence#eid

33. Sogunro, O. A. (2002). Selecting a quantitative or qualitative research methodology: an experience, Educational Research Quaterly, 26 (1), 3- 10.

34. Statistical Consulting Group: https://stats.idre.ucla.edu/stata/ado/analysis/.

35. Thakur, P.( 2014). Evaluation in Education: Meaning, Principles and Functions, {online} getting on (21/12/2019). From: http://www.yourarticlelibrary.com/education/evaluation-in-education-meaning-principles-and-functions/89656

36. Tucci, P. A. (2017).the handy geography answer book.third edition. Visible Ink Press, 43311 Joy Rd, MI 48187-2075.

**خشتەی (٥) ئەنجامی هەڵسەنگاندنی لایەنی زانستی پەرتوکەکە**

| ژ. | برگە | ناوەندی ژمێرەی | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١- | کتێبەکە دورو نزیك باسی رووداو کێشە ژینگەییەکان دەکات | ١٧.٣ | ٦٣.٠ |
| ٢ | تاچەند پێتوایە بابەتەکان تەواوکاری کتێب و بابەتەکانی دیکەی قۆناغەکانی پێش و پاش قۆناغی یازدەی ئامادەیی بن؟ | ٣.١٠ | ٠.٦٢ |
| ٣ | ناوەڕۆکی پەرتوکەکە بەشێوازی زانستی ڕێخستنی بۆ کراوە (کۆن بۆ نوێ- گشتی بۆ تایبەتی-هەست پێکراو بۆ هەست پێنەکراو) | ٣.٠٩ | ٠.٦٠ |
| ٤ | تا چ ئاستێك وێنە و نەخشە و چارت و هێڵکاری و ئاماژەکانی ناو کتێبەکە بەکارهێنراون بۆ ڕونکردنەوە لەسەر چەمکە زانستیەکانن | ٣.٠٢ | ٠.٦٠ |
| ٥ | وێنە و نەخشە و چارت و هێڵکاری و ئاماژەکانی ناو کتێبەکە پەیوەندیدارن بە بابەتە زانستیەکانەوە | ٣.٠١ | ٠.٦٠ |
| ٦ | ڕێکخستن و ڕیزبەندی بابەتە زانستیەکان گونجاون | ٨٨.٢ | ٥٧.٠ |
| ٧ | ئایا ناوەڕۆکی پەرتوکەکە هاوتایە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگا؟ | ٢.٨٥ | ٠.٥٧ |
| ٨ | بابەتە زانستییەکان ڕوونکراونەتەوە بۆ فێرخوازان. | ٢.٨٥ | ٠.٥٧ |
| ٩ | پەرتوکەکە ئاراستەی خوێندکاران دەکات بۆ گەڕان بەدوای سەرچاوەی زانستی | ٢.٨٤ | ٠.٥٦ |
| ١٠ | تاچەند بابەتەزانستیەکان گونجاون یەکدەگرنەوە لەگەڵ سەرچاوە زانستیە نوێیەکان؟ | ٢.٨٢ | ٠.٥٦ |
| ١١ | تاچەند ڕونکردنەوەو شیکردنەوەکانی چەمکە زانستیەکان بەگونجاو دەزانیت بۆ خوێندکاران؟ | ٢.٨٢ | ٠.٥٦ |
| ١٢ | تاچەند بابەتەزانستیەکان گونجاون لەگەڵ ئەنجامدانی چالاکی لەناو پۆل و دەرەوەی پۆل؟ | ٢.٨ | ٠.٥٦ |
| ١٣ | دوورە لە هەڵەی زمانەوانی . | ٢.٧١ | ٠.٥٤ |
| ١٤ | وێنە و نەخشە و چارت و هێڵکاری و ئاماژەکانی ناو کتێبەکە ڕونن بۆ خوێندکاران | ٢.٧١ | ٠.٥٤ |
| ١٥ | ئایا کتێبەکە ئاراستەی خوێندکاران دەکات بۆ وەرگرتنی زانیاری تێرو تەسەل لەسەرچاوە زانستیەکانەوە؟ | ٢.٧ | ٠.٥٤ |
| ١٦ | ئایا بابەتە زانستیەکان یان پەرتوکەکە هیچ جۆرە ئاسانکارییەکی لەگەڵدایە (نم: CD, DVD) بۆئەنجامدانی چالاکی پراکتیکی یان نمایشکردنی بابەتەکان بە داتاشۆ؟ | ٢.٦٩ | ٠.٥٣ |
| ١٧ | تاچەند پێت وایە چەمکەکان ڕونکرابنەوە. | ٢.٦٨ | ٠.٥٣ |
| ١٨ | بابەتە زانستیەکان ڕونکردنەوەی زیاتریان پێویست نیە | ٢.٤٧ | ٠.٤٩ |
| ١٩ | ئایە پەرتوکەکە دوورە لە هەڵەی زانستییەوە؟ | ٢.٣٨ | ٠.٤٧ |
| ٢٠ | پەرتوکەکە هەموو بابەتەکانی جوگرافیای سروشتی لەخۆ دەگرێ؟ | ٢.١٣ | ٠.٤٢ |

خشتەی (٦) ئەنجامی هەڵسەنگاندنی لایەنی پەروەردەیی پەرتوکەکە

| ژ. | برگە | ناوەندی ژمێرەی | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | لەڕوی ڕەنگ و دیزاینی بەرگ و شێوەیی دەرەوە گونجاوە؟ | ٣.٢١ | ٠.٦٤ |
| ٢ | ناونیشانی بابەتەکان بەڕونی دیارن؟ | ٣.١ | ٠.٦٢ |
| ٣ | ناونیشانی بەرگەکەی گونجاوە لەگەڵ ناوەڕۆک؟ | ٣.١ | ٠.٦٢ |
| ٤ | قەبارەی پەرتوکەکە گونجاوە بۆ خوێندکار؟ | ٣.٠٢ | ٠.٦٠ |
| ٥ | قەبارەی نوسینی فۆنتی پەرتوکەکە گونجاوە؟ | ٣.٠١ | ٠.٦٠ |
| ٦ | ڕەچاوی حەزو ئارەزووی خوێندکاردەکات؟ | ٢.٩٨ | ٠.٥٩ |
| ٧ | زانیارییەکانی ناو پەرتوکەکە ڕوونە بۆ مامۆستاکان؟ | ٢.٩٥ | ٠.٥٩ |
| ٨ | ئایا بابەتەکان گونجاوە لەگەڵ ئامانجە پەروەردەییەکاندا؟ | ٢.٩٥ | ٠.٥٩ |
| ٩ | ئایا تازەگەری کراوە لە هۆکارە فێرکارییەکانی پەرتوکەکە؟ | ٢.٩٢ | ٠.٥٨ |
| ١٠ | ئامرازی پێویست هەیە بۆ پراکتیزەکردنی بابەتەکانی پەرتوکەکە؟ | ٢.٩٢ | ٠.٥٨ |
| ١١ | چالاکیەکان ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی نێوان خوێندکاران دەکات؟ | ٢.٨٢ | ٠.٥٦ |
| ١٢ | چالاکیەکانی ناو پەرتوکەکە گونجاوە لەگەڵ فێرخوازاندا؟ | ٢.٨ | ٠.٥٦ |
| ١٣ | بابەتەکان فێرکاری تەواو دەدات بە خوێندکاران؟ | ٢.٧٧ | ٠.٥٥ |
| ١٤ | ڕێکخستنی ناوەڕۆك بەپێی بنەما دەرونزانیەکان دارێژراوە؟ | ٢.٧٣ | ٠.٥٤ |
| ١٥ | گونجاوە بۆ ڕێگاو شێوازە نوێیەکانی وانە وتنەوە؟ | ٢.٦٢ | ٠.٥٢ |
| ١٦ | ڕاهێنانەکان بەپێی ئاست و تەمەنی خوێندکارەکان دارێژراوە؟ | ٢.٦ | ٠.٥٢ |
| ١٧ | ڕاهینان و پرسیارەکانی ناو پەرتوکەکە پێوانەی ئامانجەکان دەکەن؟ | ٢.٥٤ | ٠.٥ |
| ١٨ | هانی خوێندکار دەدات بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانە؟ | ٢.٤٢ | ٠.٤٨ |
| ١٩ | هانی خوێندکار دەدات بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنە گرانە؟ | ٢.٢٦ | ٠.٤٧ |

خشتەی (٧) ئەنجامەئامارییەکان بەپێی گۆڕاوی (خزمەت)

ANOvA

| Source of Variation | SS | df | MS | F | P-value | F crit |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Between Groups | 7.798671581 | 41 | 0.190211502 | 3.847686166 | 8.71E-08 | 1.533417 |
| Within Groups | 4.152564808 | 84 | 0.049435295 | | | |
| | | | | | | |
| Total | 11.95123639 | 125 | | | | |

خشتەی (٨): ئەنجامەئامارییەکان بەپێی گۆڕاوی (بڕوانامە)

t-Test: Two-Sample Assuming Equal Variances

| | Variable 1 | Variable 2 |
|---|---|---|
| Mean | 2.773255814 | 2.718023256 |
| Variance | 0.255398671 | 0.082368321 |
| Observations | 43 | 43 |
| Pooled Variance | 0.168883496 | |
| Hypothesized Mean Difference | 0 | |
| df | 84 | |
| t Stat | 0.623190441 | |
| P(T<=t) one-tail | 0.267423904 | |
| t Critical one-tail | 1.663196679 | |
| P(T<=t) two-tail | 0.534847808 | |
| t Critical two-tail | 1.988609667 | |

خشتەی (٩) ئەنجامەئامارییەکان بەپێی گۆڕاوی (بڕوانامە)

| بوار | تێبینی وڕوونکردنەوەی جۆری هەڵە یان جۆری لاوازی وکەموکورتیە زانستی و پەروەردەییەکان | جۆری هەڵە/ لاوازی |
|---|---|---|
| زمانەوانی | • هەڵەی ووشەکاری زۆری تیادایە و بەهەڵە ووشەی دیکەی بۆ دانراوە. | گشتی |
| | • هەڵەی تایپی زۆری تیادایە وەك ووشەی جێبونەوە لەجیاتی جیابونەوە (لا: ١٣)؛ هەروەها لەباتی ئەوەندی ووشەی ئەوەندی (لا: ١٣). نوسراوە. | گشتی |
| | • بەکارهێنانی هەندێ زاراوەی کوردی کۆن کە کۆمەڵگاو خوێندکارانی ئەم سەردەمە ئەستەمە کاری پێبکەن نمونەش وەك (هەراو لاپەڕە (١٣)، سەدیم(لا ١٤)، ڕەنوس (لا ٣٠) | گشتی |
| خاڵبەندی نەخشەو وێنەو هێڵکارییەکان | • هەڵەیەکی زۆری خاڵبەندی تیادایە لەسەرانسەری پەرتوکەکەدا. | گشتی |
| | • هەندێك لەوێنەو هێڵکاری و خشتەکان زیادەن تەنها شوێنیان گرتوە. | گشتی |
| | • وێنەکانی گەردەلول و دژە گەردەلول پێچەوانەن واتە ئەوەیان کە شێوە و جوڵەی گەردەلول دەردەخات بە دژە گەردەلول ناسراوە، وە بەپێچەوانەشەوە. | تایبەتی |

| | | |
|---|---|---|
| زانیاری و داتاکان | • زانیاری دووبارەی تیادایە وەك بابەتی بومەلەرزە زیاد لە جارێك هەندێك بابەت باسکراوە | تایبەتی |
| | • کۆنی زانیاری پرۆگرامەکان کەتیایدا بابەتەکان لەسەر شێوازی کۆن و ڕابردووی دوور داڕێژراون. | گشتی |
| | • هەندێك زانیاریە ژمارەییەکانی هەڵەن و سەرچاوە تازەکان زانیاری ورێژەی جیاواز تر دەخەنە ڕوو یەك نمونەش وەك (ئاستی قوڵی دەریای ناوەڕاستی بە ٢٠٠ مەتر و کەمترئاماژەی پێدراوە، بەڵام لەتوێژینەوەی تازەکاندا بە٤٠٠٢ مەتر ئاماژەی پێدراوە. | گشتی |
| | • ناڕونی ئاڵۆزی لە شیکردنەوەی بابەتەکاندا بۆنمونە بابەتی تەقینەوە گەورەکە زۆر ئاڵۆز و ناڕونە. | تایبەت |
| | • لەسەرجەمی ئەو بابەتانەی دەکەونە چوارچێوەی جوگرافیای سروشتیەوە، تەنها هەندێك بابەتی کەمیان باسی لێوەکراوە لە پەرتوکەکەدا وەك بابەتەکانی (کۆمەڵەی خۆر، بەرگی گاز، ئاووهەوا، خۆڵبارین، بەرگی ئاوی، توێکڵی زەمین و خاك)، لەو بابەتانەش کەتیایدا باسنەکراوە وەك:<br>✓ ژینگە.<br>✓ بەرگی زیندەوەران.<br>✓ جیۆلۆجی.<br>✓ جیۆمۆرفۆلۆجی.<br>✓ ڕووەکی سروشتی، ڕوپۆشی سەوزای.<br>✓ گەشتوگوزار<br>✓ جوگرافیای دەرمان و تەندروستی....هتد | گشتی |
| | • هەروەها لەو بابەتانەشی کەباسی تیادا کراوە ئەوا بە ڕیزبەندی و لەجێگای خۆیاندا باس نەکراون بەڵکو بەهەڕەمەکی لەبەشەکانی پەرتوکەکەدا باسکراون بۆنمونە باسی (لەبەشەکانی سەرەتادا باسی ئاووهەواو هەندێك لەڕەگەزەکانی کراوە وەك پلەی گەرمی، پەستانی هەوا، با پاشان بەدوایاندا باسی خۆڵبارین و تسۆنامی و بومەلەرزە کراوە، دواتر لەبەشەکانی کۆتایدا گەڕاوەتەوە بۆ باسکردنی هەندێ لەڕەگەزەکانی دیکەی وەك شێ و دابارین و بونبەهەڵم).. | گشتی |
| | • بەشێوەیەکی گشتی ناوی هەموو بایەکان (خۆجێی و جیهانیەکان؛ ستونی و ئاسۆی بەتوندەبا یان گەردەلول) ناویان هێنراوە لەکاتێکدا هەریەکە لەبایەکان (خۆجێیەکان و جیهانیەکان)تایبەتمەندی خۆیان هەیە لەڕووی خێرای و خاویيان، قەبارەو ماوەی هەڵکردنیان،،،هتد. | تایبەتی |
| | • ئەو بایانەی لەسەرڕووبەری دەریای ناوەڕاستەوە هەڵدەکەنە سەربەشەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریاکە لەووڵاتانی لوبنان و سوریا و ئوردن و عێراق بەگەردەلول ناوبراوە لەکاتیکدا گەردەلول توندەبایەکی زیاناوی و تێکدەرو زیانبەخشە، بەپێچەوانەوە ئەوبایانەی لەسەردەریای ناوەڕاستەوە هەڵدەکەنە سەرئەو ناوچانە ئەو بایانەن کەسودێکی زۆریان هەیە بۆ دیاردە سروشتی و مرۆییەکانی ئەو ناوچانەی بەسەریاندا هەڵدەکەن. | تایبەتی |
| | • لەبابەتی دروستبونی خاکدا لەباسی چۆنیەتی و چەندێتیەکانی دروست بونی خاك و ئەو ماوەیەی پێویستە بۆ دروستبونەکەو ئەو هۆکارانەی کاریگەرین لەسەردروستبونەکەی وا باسکراوە نەڕونە بۆ تێگەشتن و نە پەیوەندی بەبابەتەکەشەوە هەیە. | تایبەتی |
| | • لەباسی جۆرەکانی خاکدا لە عێراقدا تەنها باسی سێ جۆر خاک کراوە تیایداو بەهیچ شێوەیەك باسی (خاکی کەستەنەی، خاکی قاوەیی، خاکی بیابانی) کراوە لەکاتێکدا دەبوایە بەم شێوەیە ئاماژە بەجۆرەکانی بکرایە:<br>یەکەم: خاکی هەرێمی دەریای ناوەڕاست:<br>١ - خاکی کەستەنەیی<br>٢ - خاکی لیسۆسۆلیك<br>٣ - خاکی چیاکان<br>٤ - خاکی جیرنۆزیۆم (خاکی سۆرەك و خاکی رندزینا) | تایبەتی |

دووەم: خاکی هەرێمی ئیستێبس:

١ -خاکی قاوەی سورباو: Reddish Brown Soil

٢ - خاکی قاوەی (ئەسمەر-گەنم ڕەنگ): Brown Soil

سێ یەم: خاکی هەرێمی نیمچە بیابانی:

چوارەم: خاکی هەرێمی بیابانی:

| | | |
|---|---|---|
| | • بونبەهەڵم (لە لا٩٢،) بەوە پێناسەکراوە کە بریتیە لەگۆڕانی ئاو بەهەڵم، زۆر ناڕون و هەڵەیە، ڕاستەکەی ئەوەیە بەسادەی بوترێت گۆڕانی دۆخی ئاوە لەشلیەوە بۆ گازی. | تایبەتی |
| | • لەبابەتی مەودای گەرمیدا نوسراوە هەتاوەکو لەهێڵی یەکسانەوە بەرەو باکور (تادەگاتە ناوچە خولگەیی و جەمسەرییەکان) بڕۆین مەودای پلەکانی گەرما زۆرتر دەبێت،لەڕاستیدا بەپێچەوانەوە ڕاستە. | تایبەتی |
| چالاکیەکان | • پەرتوکەکە هیچ جۆرە چالاکیەکی تیادا نیە بۆ خوێندکاران تاوەکو جێ بەجێ ی بکەن لەناو پۆڵ یاخود لەدەرەوەی پۆل بێت | گشتی |
| پرسیارو ڕاهێنانەکان | • پرسیارەکانی لەگەڵ مەبەستە زانستی پەروەردەییەکان ناگونجێن، بەتایبەتی لەگەڵ ئاستەکانی بلومدا یەک ناگرنەوە بەشێوەیەك هەموو ئاستەکان بگرێتەوە و خوێندکاران لەهەموو لایەنەکانەو هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت | گشتی |
| چەمکە بەکارهاتوەکان | • لەبەشی ڕونکردنەوەی هەندێك لەچەمکەکاندا هەندێکیان ڕوون نەکراونەتەوە یاخود ڕونکردنەوەکانیان گونجاو نیە وەك ووشەی فتر (لا٢١١) | گشتی |
| | • وێنەکانی ناو پەرتوکەکە بەگوێرەی چەمکەکان نیە | گشتی |
| | • ئەو ڕونکردنەوەو باسانەی بۆ چەمکە زانستیەکان کراون هەندێك جا پەیوەندی بە چەمکەکەوە نیەو هەندیك جاری دیکە باسی زۆریان لەسەرکراوە بەشێوەیەک ئاڵۆزی بۆ خێرا تێگەیشتن دروست کردوە. | گشتی |
| سەرچاوەکان | • سەرچاوەی تیادا نیە بەهیچ شێوەیەك. | گشتی |
| | • ئاڕاستەی خوێندکار نەکراوە بۆ شارەزابونی زیاتر لەبارەی بابەتە جۆر بەجۆرەکانەوە | گشتی |
| ئامانجە پەروەردەییەکان | • لەبەرئەوەی بابەتەکانی پەرتوکەکە سەرجەمیان وەرگێڕدراون لە مەنهەجەکانی دیکەی دەرەوەی سیستەمی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان (لەوانەش پرۆگرامەکانی خوێندنی عێراقی)، بۆیە دەبینین هەموو ئامانجەکان بەتایبەتی ئامانجە ووێژدانیەکانی پەیوەندیان بە فەلسەفەی کورد و نیشتیمانی کوردانەوە نیە. | گشتی |
| دیزاین و بەشەکان | • جگە لەو کەموکوری و هەڵانەی لەناو پەرتوکەکەدا هەن، هەروەها پەرتوکەکە نەپێشەکی و نە پێڕست و نە لیستی سەرچاوەکانی تیادا نیە کە بۆ نوسینی ئەو پەرتووکە سودی لێوەرگیراوە. | گشتی |